
# ئانیکای ژیر

**بۆ منداڵانی تەمەن ٤ – ٦ ساڵان**

٢٠٠٨



**وێنە و نووسینی: ئێلسا بێسکۆو**

**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: باران**


ناوی کتێب: ئانیکای ژیر
نووسەر: ئێلسا بێسکۆو
وەرگێڕ: باران
ساڵی وەرگێڕان: ٢٠٠٨
ژمارەی ڕاسپاردنی سوید: ISBN 978-91-637-0728-5

کچێکی بچکۆلە هەبوو، ناوی ئانیکا بوو، لەگەڵ دایک و باوکیدا لە لادێیەک، لە کۆخێکی سووردا دەژیا.

ئانیکا زۆر ژیر بوو. دەیتوانی خۆی خۆی بشوات و قژی دابهێنێت، جلەکانی لەبەر بکات و هەموو قۆپچەکانیشی بەڕێکوپێکی دابخات.

هەروەها دەیتوانی لە هەر کارێکی وەک گسکدان و قاپ وشککردنەوەدا، هاریکاریی دایکی بکات. مانگایەکیشیان هەبوو ناوی (مایرۆس) بوو، کە دایکی شیری دەدۆشی، ئانیکا مێشەکانی لێ دەردەکرد.





ئانیکا کەلووپەلی یاریکردنیشی هەبوو. فیلێکی پەڕۆی هەبوو، نەنکی وەک دیاریی سەری ساڵ بۆی دووریبوو، دایکیشی بووکەڵەیەکی بۆ دووریبوو، گالیسکەیەکیشی هەبوو، باوکی بۆی دروست کردبوو.

ڕۆژێکیان کە دایکی خەریکی سەموون دروستکردن بوو، ئانیکا تازە یارییەکانی هێنابوو یارییان پێ بکات، دایکی وتی:

- ئانیکا دەزانی من دەترسم مایرۆس لە کونی پەرژینی لەوەڕگاکەوە ڕابکاتە دەرەوە؟

+ ئانیکا وتی: بۆچی پەرژینەکە کونی تێدایە؟

- دایکی وتی: نازانم کێ ئەو کونەی کردووە، بەڵام من سەرلەبەیانی بینیم.

+ ئانیکا وتی: ئەی کونەکە چاک ناکەینەوە؟

- دایکی وتی: با، کە باوکت هاتەوە چاکی دەکاتەوە، بەس خوا بکات تا ئەو کاتە مایرۆس ڕا نەکات و لە گیاسێپەڕەکاندا نەلەوەڕێت.

+ ئانیکا وتی: بۆچی مایۆرس بۆی نییە لە گیاسێپەڕەکاندا بلەوەڕێت؟

- دایکی وتی: ئەوانە سێپەڕەی بەهار نین. لەبەر ئەوە ئەگەر مایرۆس بڕێکی زۆر لەو گیای سێپەڕانە بخوات، ڕەنگە نەخۆش بکەوێت و بمرێت.

+ ئانیکا وتی: دە من دەچم بۆ لەوەڕگاکە و پاسەوانیی مایرۆس دەکەم.

ئانیکا ڕۆشت و سەتڵی لمەکەی لەگەڵ خۆیدا برد، بەڵام خاکەنازەکەی نەدۆزییەوە تا لەگەڵ خۆیدا بیبات.


RUSSIN
MJÖL
SALT
EB

ئانیکا کەمێک ڕۆشت و چاوی بە سەگێکی گەورە کەوت.

- سەگەکە وتی: وەو وەو، ئێستا تۆ زۆر دەترسیت.

+ ئانیکا وتی: نەخێر، ناترسم، چونکە تۆ میهرەبان دیاریت.

- سەگەکە وتی: بۆ کوێ دەچیت؟

+ ئانیکا وتی: دەچم بۆ لەوەڕگاکە، تاکوو پاسەوانیی مایرۆس بکەم.

- سەگەکە وتی: ئەی بۆ لەگەڵ من نایەیت بۆ ماڵەوە، سەیری کەروێشکە شیرینەکانمان بکەیت.

+ ئانیکا وتی: نا، من دەبێت بچم ئاگام لە مایرۆس بێت، تا لە کونەکەوە ڕا نەکات و نەچێتە ناو گیاسێپەڕەکانەوە.

- سەگەکە وتی: دەی ماڵئاوا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ مایرۆس پێویستتان بە یارمەتی بوو، بانگم بکە.

+ ئانیکا وتی: باشە سوپاس. پاشان بەرەو کێڵگەکە کەوتەوە ڕێ.



ئانیکا هەندێکی تر ڕۆشت و چاوی بە ئوللێ فشەکەر کەوت.

- ئوللێ فشەکەر پرسیی: بۆ کوێ دەچیت؟


+ ئانیکا وتی: دەچم بۆ لەوەڕگاکە و پاسەوانیی مایرۆس دەکەم.

- ئوللێ فشەکەر وتی: ئەی بۆ لەگەڵ من نایەیت ڕاوەماسی بکەیت؟

+ ئانیکا وتی: نا، ناتوانم، چونکە لەوانەیە مایرۆس لە کونەکەوە ڕا بکات و بچێتە ناو گیاسێپەڕەکانەوە.

- ئوللێ فشەکەر وتی: ئـای مایرۆس، دە من ماسییەکت بۆ ڕاو دەکەم کە دوو ئەوەندەی مایرۆس گەورە بێت.

+ ئانیکا وتی نا، سوپاس، نامەوێت و کەوتەوە ڕێ.


EB

که ئانیکا گەیشتە بەردەم لەوەڕگا پەرژینداره‌کە، نەیتوانی دەرگاکەی بکاتەوە، لەبەرئەوەی قفڵەکەی بەرز بوو. هەر لەو کاتەدا کە ئەو لە هەوڵی کردنەوەی دەرگاکەدا بوو، مامەپیرەیەک بەویادا ڕۆیشت کە تووره‌کەیەکی بە کۆڵەوە بوو.

- مامەپیرەکە وتی: واز لەو پەرژینە بێنە. مناڵ نابێ دەستی لێ بدات.

+ ئانیکا وتی بەڵام من دەبێ بچمە ژوورەوە و پاسەوانیی مایرۆس بکەم.

- مامەپیرەکە وتی: ئەها، بەو شێوەیەیە. ئەی ترسای لە من؟

+ ئانیکا وتی: یەک تۆز ترسام.

- مامەپیرەکە وتی: ئێستا شتێکت دەدەمێ.

مامەپیرەکە کەوچکێکی تازەی دارینی لە توورەکەکەی دەرهێنا و دای بە ئانیکا و پێی وت:

- ئەوە بۆ سەتڵەکەت.

ئەوەش بەس بوو بۆ دڵخۆشبوونی ئانیکا، بۆیە خۆی چەماندەوە و سوپاسمەندیی خۆی بۆ مامەپیرەکە دەربڕی، مامەپیرەکەش دەرگای لەوەڕگاکەی بۆ کردەوە، ئانیکا چووە ژوورەوە و دەرگاکەی لەدوایەوە داخستەوە.


EB

کاتێک ئانیکا چووە ناو لەوەڕگا پەرژینداراەکەوە، یەکەم جار چوو سڵاوی لە مایرۆس کرد، پاشان چاوی بە دەوروبەریدا گێڕا بۆ بینینەوەی کونەکە. ئەو زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە بینیی کونەکە نزیکی ئەو کۆمەڵە لمەیە کە باوکی هەمیشە بۆ ڕشتنی لەسەر توولەڕێکانی باخچەکە، دەیهێنا.


+ ئانیکا لە دڵی خۆیدا وتی: ئێستا دەتوانم قاڵبی لمین دروست بکەم، هاوکات کە چاوەدێریی مایرۆسیش دەکەم.

ئانیکا لە ناو لمەکەدا دانیشت و بە کەوچکە دارە تازەکەی دەستی بە هەڵکۆڵینی لمەکە کرد و یەک لە دوای یەک قاڵبە لمەکانی قڵپ دەکردەوە.

بەڵام مایرۆس حەزی لە قاڵبەکانی ئانیکا کرد، هات لمۆزی لێوە دان و قاڵبێکی تێک دایەوە.

+ ئانیکا وتی: ئۆی مایرۆس!

کەوچکە دارەکەی کێشا بە لمۆزی مانگاکەدا، مایرۆسیش ڕووی وەرگێڕا و لەو کاتەدا کونی پەرژینی لەوەڕگاکەی بینی و یەکسەر بەرەو گیاسێپەڕەکان ڕۆیشت.



ئانیکا ڕای کرد بەدوایدا و هاواری کرد:

+ مایرۆس بگەڕێوە، هەر ئێستا بگەڕێوە!

بەڵام مایرۆس گوێی پێنەدا، بەڵکوو دوورتر و دوورتر بەناو مێرگەکەدا ڕای کرد، ئاخر تامی گوڵەسپێەڕەکانی زۆر پێ خۆش بوو، خۆش بەقەد تامی نوقڵ و چکلێت.

پاشان ئانیکا توانیی کلکی بگرێت و ڕایبکێشێت، بەڵام مایرۆس بەهێزتر بوو، توندتر ڕایکرد و ئانیکا دەستی لە کلکی بەر بوو.

ئانیکا دەستی بە گریان کرد و هاواری یارمەتیی کرد. یەکسەر لەو کاتەدا سەگە میهرەبانەکە بە ڕاکردن بۆ لایان هات.


- سەگەکە وەڕاندی: وەو وەو وەو.


بەو شێوەیە ڕێگای لە مایۆرس گرت و لە کونەکەوە تا ناو لەوەڕگا پەرژینداڕەکە ڕاوی نایەوە.

+ ئانیکا وتی: زۆر سوپاس سەگە میهرەبانەکە.

- سەگەکە وتی: وەو وەو، سوپاسی ناوێ.

پاشان سەگەکە ڕای کردەوە بەرەو ماڵەوە.





+ ئانیکا لە دڵی خۆیدا وتی پێویستە ئێستا بە گورجی پەرژینی لەوەڕگاکە چاک بکەمەوە.

لەو دەمەدا چەند دارێکی باریکی پەرژینەکەی بینی کە لە تۆپەڵێ پووش و پەڵاش دەرچووبوون، دەستی برد یەک یەک ڕایان بکێشێت. بەڵام گوێی لە دەنگێک بوو وتی:

- بنمیچەکەم تێک مەدە، بنمیچەکەم!

ئانیکا سەری زۆر سوڕما و بینیی پیرە کوورتەبنەیەکی زۆر بچکۆلە سەرەکەی تری دارە باریکەکەی گرتووە و ڕای دەکێشێت.

+ ئانیکا وتی: تۆ بۆت نییە دارە باریکەکانی ئێمە بەریت بۆ بنمیچەکەت.

- کوورتەبنە پیرەکە وتی: بەڵام بنمیچەکەم خەریکە دەڕووخێت، بۆیە ئەو دارانەم بردووە.

+ ئانیکا وتی: هەرچۆنێک بێت، ئێستا من دەبێت بیانبەمەوە.

لەگەڵ قسەکانیدا دارێکی ڕاکێشایە دەرەوە.

- کوورتەبنە پیرەکە وتی: دە تۆزێک بۆستە، تۆزێک بۆستە، ئێستا دەچم داری تر دەدۆزمەوە و پەرژینەکە زۆر جوان چاک دەکەمەوە.

+ ئانیکا وتی: ئێ دە خێرا بیکە، ئەگینا مایرۆس جارێکی تر لە کونی پەرژینەکەوە ڕادەکات.

- کوورتەبنە پیرەکە وتی: منداڵینە وەرن یارمەتیم بدەن.

ئینجا ئانیکا دەروازەیەکی بچکۆلەی لە تۆپەڵە پووش و پەڵاشەکەدا بینی و بینیشی کە لەوێوە پێنج منداڵی کوورتەبنە بێ چاوتروکان سەیری دەکەن.



کوورتەبنەکان بەیەکەوە ڕایان کرد و چەند دارێکی باریکی درێژیان هێنا، کە بەسەر کوڵەگیاکاندا بەدوای خۆیاندا کێشیان دەکرد. کوورتەبنە پیرەکە بە گورجی دەستی بە چاککردنەوەی پەرژینەکە کرد.
لەو کاتەدا منالە کوورتەبنەکان چوونە لای قاڵبە لمینەکانی ئانیکا و بە وردی سەرنجیان دەدان. یەکسەریش دەستیان کرد بە بازبازێن بەسەر قاڵبەکاندا، هەرکەسێکیشیان بەر قاڵبەکان بکەوتنایە، قاڵبەکان دەڕووخان و ئەوانی تریش تا تاقەتیان بوایە پێ دەکەنین، ئانیکاش پێ دەکەنی و قاڵبی تری دروست دەکردەوە.
لەپڕ هەستی کرد یەکێک لە دوایەوە جلەکانی ڕادەکێشێ، کە ئاوڕی دایەوە ژنێکی کوورتەبنەی بینی سەری خوارکردبۆوە و بە ئانیکای وت:

- توخوا بۆم هەیە سەتڵەکەت قەرز بکەم بۆ ئەوەی تۆزێک مایرۆس بدۆشم؟


+ ئانیکا وتی: نەخێر بۆت نییە.

- ژنە کوورتەبنەکە وتی: با توخوا ئانیکا، بەس یەک تۆز شیر دەبەم، تاکوو شلکێنە بۆ منداڵەکانم دروست بکەم.

- منداڵەکان هەموویان هاواریان کرد: شلکێنەمان دەوێت، شلکێنەمان دەوێت.

+ ئانیکا وتی: دەی باشە، بۆت هەیە تۆزێک شیر بەریت، بەڵام سەتڵەکە پڕ پڕ نەکەیت.





- ژنە کوورتەبنەکە وتی: سوپاس، سوپاس! منیش لەجیاتی ئەوە تووی فەڕەنگیت دەدەمێ.

ئینجا ژنە کوورتەبنەکە سەتڵەکەی هەڵگرت و ڕایکرد. ئانیکا ویستی بەدوای ژنە کوورتەبنەکەدا بچێت، بۆ ئەوەی سەیر بکا کاتێ مایۆرس دەدۆشێ، بەڵام فریا نەکەوت چەند هەنگاوێک بڕوات، ژنە کورتەبنەکە خێرا گەڕابۆوە. ژنە کورتەبنەکە ئەوەندە خێرا ڕایدەکرد، سەتڵەکە دەسوڕایەوە و ئەملاولای دەکرد، بەڵام یەک تنۆک شیری لێ نەدەڕژا و یەکسەریش لە ناو تۆپەڵە پووشەکاندا دیار نەما.

- کوورتەبنە پیرەکە وتی: ئانیکا پەرژینەکەتانم تەواو کرد و ئێستا لە هەموو کاتێک چاکترە. ئیتر واز لە بنمیچەکەم دەهێنن؟

+ ئانیکا وتی: بەڵێ.



- کوورتەبنە پیرەکە وتی: وابزانم بۆنێکی خۆش لە کۆخەکەوە دێت، دەتەوێ بێیتە ژوور و تامی بکەیت؟

- منداڵە وردیلەکان وتیان: بۆنی شلکێنە دێت، بۆنی شلکێنە دێت، ئانیکا وەرە ژوور لەگەڵمان.

+ ئانیکا وتی: دەرگاکەتان زۆر بچووکە.

- منداڵە کورتەبنەکان هاواریان کرد: نا دە تۆ وەرە.

هەموویان ئانیکایان ڕادەکێشا. بەڵام ئانیکا توند خۆی گرتبوو کە نەچێت. تا بوو بە هەرایەک هەموو گیاندارە بچکۆلەکانی دارستانەکە هاتن بۆ سەیرکردنیان. لەو کاتەدا ئانیکا گوێی لە دەنگی دایکی بوو دەیوت:

- ئانیکا تۆ لە کوێیت؟

+ ئانیکا هاواری کرد: لێرەم.



دەستبەجێ کوورتەبنەکان دیار نەمان و دەرگای کۆخە پووشینەکە داخرا. بەڵام لە بەردەم کۆخەکەدا سەتڵەکەی ئانیکا دانرابوو، پڕیش بوو لە تووی سووری پێگەشتوو.
ئانیکا سەتڵەکەی هەڵگرت و بەرەو لای دایکی ڕۆشت، کە لەوکاتەدا لە دەروازەی پەرژینەکەوە دەهات.

+ ئانیکا وتی: دایکە سەیرکە، سەتڵەکەم پڕە لە تووی فەڕەنگی و ئەمە کەوچکێکی دارینە و کونی پەرژینەکەش چاک بۆتەوە.

دایکی ئانیکا حەپەسا و دڵی زۆر خۆش بوو. پاشانیش ئەوکاتەی کە مایرۆسی دەدۆشی، ئانیکا هەموو ڕووداوەکانی بۆ گێڕایەوە.
کە ڕۆشتنەوە بۆماڵەوە لە ڕێگا ئوللێ فشەکەریان بینی، بەڵام ئەو تەنیا یەک ماسیی زۆر زۆر بچکۆلەی ڕاوکردبوو.

- ئوللێ فشەکەر وتی: خۆت ئەو تووی فەڕەنگیانەت کۆ کردۆتەوە؟

+ ئانیکا وتی: نا، کوورتەبنەکانی دارستان دایانمێ.

- ئوللێ فشەکەر وتی: بە کوورتەبنەکان دەڵێم تووی فەڕەنگی بۆ منیش کۆ بکەنەوە، بەڵام من یەک کۆگای پڕم دەوێت، نەک یەک سەتڵی بچکۆلە.

+ ئانیکا وتی: تۆ دەبوایە ماسییەکیشت بگرتایە کە دوو ئەوەندەی مایرۆس گەورە بوایە، بەڵام ئەم ماسییەی گرتووتە وا نییە.

ئیتر ئوللێ فشەکەر نەیزانی چی وەڵامی ئانیکا بداتەوە.


EB

ئانیکا چووەماڵەوە و تووی فەرەنگییەکانی لەگەڵ خواردنی ئێوارە دانا، دایکیشی شەکرۆکە و کەرەی دانا. باوکی ئانیکا وتی هەرگیز تووی فەرەنگیی وا خۆشم نەخواردووە.
پاشان ئانیکا داوای کرد کە ئیسقانێک و دوو پارچە شەکرۆکەی بدەنێ بۆ ئەوەی بیدات بەو سەگە میهرەبانەی کە یارمەتیی دا بۆ هێنانەوەی مایرۆس.
دایکیشی ئیسقان و شەکرۆکەکانی پێ دا بیبات بۆ سەگەکە و هەندێک گێزەریشی دایە تا بیدات بە کەروێشکەکانیان.

کە ئانیکا هات سەگەکە کلکی بادەدا و زۆر دڵخۆش بوو، یەکسەریش کەروێشکەکانی پیشانی ئانیکا دا. هەردووکیان زۆر دڵشاد بوون.
لەو کاتەدا کە ئانیکا خواردنی دەدا بە کەروێشکەکان، ئوللێ فشەکەریش هات بۆئەوەی ئەویش خواردنیان بداتێ.
+ ئانیکا لە دڵی خۆیدا وتی: ئێستا ئوللێ فشەباز دەڵێ کە ئەو کەروێشکی هەیە بەقەد فیلێک گەورەیە.
بەڵام ئوللێ وای نەوت، ئەو ئیتر نەیدەویست فشە بکات، چونکە زانیبووی فشەکردن بێئەقڵییە و ئاکارێکی باش نییە.
هەر بۆیە ئانیکا و ئوللێ کاتێک کە بەیەکەوە خواردنیان دەدا بە کەروێشکەکان، کاتێکی زۆر خۆشیان بەسەر برد.
جار جاریش لە لەوەڕگاکەوە گوێیان لە دەنگێک دەبوو دەیوت (مااااااااا)، ئەوە دەنگی مایرۆس بوو کە دەلەوەڕا و دەگەڕا بۆ گیاسێپەڕەکان و نەیدەزانی چییان لێ هاتووە!


EB

30